Research Center

# ئاسۆی نرخی نەوت و گاز لە زستانی ئەمساڵ و 2023دا و کاریگەرییەکانی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان

26-10-2022

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی 2 ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، سزاکانی سەر رووسیا و ئەگەری زیادبوونی خواست لە لایەن چینەوە لەوانەیە ببێتەهۆی فراوانبوونی جیاوازی نێوان خواست و خستنەڕوو لە بازاڕدا و، نرخی نەوت بگەیەنێتە سەروو $120 دۆلار لە ساڵی داهاتوودا!

## بەرایی

کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی 2 ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانە، سزاکانی سەر رووسیا و ئەگەری زیادبوونی خواست لە لایەن چینەوە لەوانەیە ببێتەهۆی فراوانبوونی جیاوازی نێوان خواست و خستنەڕوو لە بازاڕدا  و، نرخی نەوت بگەیەنێتە سەروو 120$ دۆلار لە ساڵی داهاتوودا! هەرچەندە بەپێی راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی زانیاری وزەی ئەمریکا eia چاوەڕواندەکرێت نرخی نەوت بەتێکرا لە 2023دا بە 95$ دۆلار بێت و نرخی گازی سرووشتی لەخوار  6دۆلارەوە بۆ هەر (MMBtu) مامەڵەی پێوەبکرێت. هەروەها، بەپێی راپۆرتی مانگانەی بازاڕی نەوت (تشرینی یەکەمی 2022) ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە IEA گۆڕانکارییەکان لە نرخی نەوت لە 2023دا روو لە بەرزبوونەوە دەبێت، لە سەرەتای ئەم مانگەشدا بەنزیکەی 14$ روو لە بەرزبوونەوە بوو، لەکاتێکدا لە مانگی ئەیلوول بەرێژەی 7% مانگانە کەمیکردبوو.

ئێستا، هەموو چاوەکان لەسەر بازاڕی نەوت و گازی سرووشتی لە زستانی ئەمساڵدا، کە لە 1ی تشرینی دووەمەوە دەستپێدەکات و لەئێستاوە ئەمریکی و ئەوروپییەکان هەست بە سەرما و سۆڵەی کزەی بای سارد و کرێوەی بەفریان کردووە، بەشێوەیەک بەپێی پێشبینییەکان رێژەی 10% گۆڕانکاری لە کەشوهەوای ئەمریکا، جیاوازی لە تێکڕای خەرجییەکانی ماڵیک بۆ سوتەمەنی لەم زستانەدا 1596$ دۆلار.

گۆڕانکارییەکان لە نرخی نەوت و گازی سرووشتی، بەتایبەتیش نەوت کاریگەری تەواو لەسەر داهات و خەرجییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە 2023دا دادەنێت، بەشێوەیەک کەوا بۆ عێراق بەرزی نرخی نەوت جگە لە کەڵەکەبوونی یەدەگی بانکی، جیاوازی پڕ کردنەوەی خەرجییەکانی هاوردەکردنی بەنزین لە دەرەوە و تەرخانکردنی ملیاران دۆلار بۆ پرۆژە و خەرجییە ملیاران دینارەکانی سێ سەرۆکایەتییەکەشی پێ دابین دەکات، دەستی حکومەت بۆ خەرجیش واڵا دەکات. لەهەمان کاتدا، بەرزی نرخی گازی سرووشتی بۆ عێراق بەهۆی سوتاندنی گاز و پەرەپێنەدانی کێڵگە گازییەکانەوە، خەرجییەکانی دوو هێندە دەکات، بەتایبەتیش بۆ دابینکردنی کارەبا.

هەروەها، هەرچی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، بەرزی نرخی نەوت کاریگەری لەسەر پێدانی مووچە و دانەوەی قەرزی کۆمپانیا نەوتییەکان هەیە، بەڵام بەرزی نرخی گازی سرووشتی هیچ کاریگەرییەکی ئەوتووی نابێت مەگەر تەنیا گرنگی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان دووبارە بێتەوە بەرباس، بەڵام لەڕاستیدا کارەکانی فراوانکردنی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی لە کۆرمۆر چەند مانگێکە بەهۆی هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانەوە راگیراوە.

لەم راپۆرتەدا هەڵوەستە لەسەر گۆڕانکارییەکان لە نرخی نەوت و گازی سرووشتی لە زستانی ئەمساڵ و ساڵی داهاتوودا بەپشتبەستن بە راپۆرتەکانی eia و IEA لەبارەی ئاسۆی نەوت و گاز لە 2023دا دەکەین، و لەکۆتاییدا بە کورتی ئاماژەش بە کاریگەرییەکانی ئەو گۆڕانکارییانە لەسەر پیشەسازی و نەوت و گازی سرووشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەدەین.

## ئاسۆی نرخی نەوت لە 2023دا

ئاسۆی نرخی نەوت لە 2023دا بەشێوەیەکە کەوا هەموو پێشبینییەکان بۆ ئەوەیە نرخی یەک بەرمیل نەوتی برینت بەتێکڕا لەسەروو 95$ دۆلارەوە مامەڵەی پێوەدەکرێت، کە ئەمەش ئاستێکی نموونەی بە بەراورد بە چەند سالی رابردوو، هەرچەندە ئەمریکا و وڵاتانی بەکارهێنەری نەوت هەوڵی زیاتر دابەزاندنی نرخەکان دەدەن، بەڵام بڕیاری شۆکینەری ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی بە سەرۆکایەتی سعودیە و رووسیا بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی 2 ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانە ، بەردەوامی جەنگی ئۆکراینا و رووسیا، ئەگەری باشبوونەوەی خواست لەلایەن گەورە بەکارهێنەری نەوت چینەوە کاریگەری تەواو دەکاتە سەر [نرخەکان لە 2023دا،](#) ئەمەش سەرەڕای هۆشدارییەکان لە ئەگەری روودانی قەیرانی ئابووری جیهان و هەڵکشانی زیاتری هەڵئاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان بەهۆی بەرزی نرخی سوتەمەنییەوە.

بەپێی [راپۆرتی بازاڕی نەوت](#) (تشرینی یەکەمی 2022) IEA )"بەهۆی خاوبوونەوەی ئابووری جیهان و بڕیاری ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان وایکردووە ببێتەهۆی زیادبوونی خواست تەنیا بە نزیکەی 340 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بۆ چارەکی چوارەمی ئەمساڵ، بەڵام چاوەڕواندەکرێت زیادبوونی خواست بۆ نەوت  لە 2022دا کە 1.9 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، ئەوا لە ساڵی داهاتوودا دابەزێت بۆ 1.7 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا". هەروەها، پێشبینیدەکرێت خواستی جیهان بۆ نەوت لە 2023دا بگاتە 101.3 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا. هەروەها، لەڕووی دابینکردنی نەوت بۆ جیهان لە مانگی ئەیلوودا بەنزیکەی 300 هەزار زیادیکرد و گەشتە 101.2 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا.  لەدوای بەرزبوونەوەی زنجیرەی دابینکردن لە چارەکی دووەمی ئەمساڵدا بۆ چارەکی سێیەمی ئەمساڵ بەنزیکەی 2.1 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا نرخەکان بەشێوەیەکی خێرا دابەزین، پێشبینیدەکرێت بڕی دابینکردن  و خستنەڕوو بەنزیکەی

170 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا لە چارەکی سێیەمی ئەمساڵ بۆ چارەکی چوارەمی ئەمساڵ زیادبکات، ئەمەش لەکاتێکدا بڕیارە لە مانگی تشرینی دووەمی 2022وە بڕیاری ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی 2 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، کە لەڕاستیدا 1 ملیۆن بەرمیل بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە لایەکی دیکەوە، بەپێی راپۆرتی eia "ئاسۆی کورتخایەنی وزە" بەهۆی ئەگەری پچڕانی زنجیرەی دابینکردن و دواکەوتنی زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت چاوەڕواندەکرێت نرخی نەوتی خاو روو لە بەرزبوونەوە بێت، ئەمەش لەکاتێکدایە پێشبینیدەکرێت نرخی نەوت لەچارەکی چوارەمی ئەمساڵدا بەتیکڕایی 93$ بۆ بەرمیلیک و نرخەکان لە 2023دا بەرزببێتەوە بۆ سەروو 95$ دۆلار، هەرچەندە ئاماژەی بە ئەگەری خاوبوونەوەی ئابووری جیهان لە 2023دا کردووە کە کاریگەری تەواوی لەسەر نرخەکان دادەنێت. هەروەها، بەپێی راپۆرتی ئاژانسی پێشبینی ئابووری "نرخی نەوت لە 2023دا بەڕێژەی 6% کەم و زیاد دەکات لەنێوان 93$ بۆ 108$ دەبێت". هەروەها، هەمان سەرچاوە شیکاری بۆ کردنەوە و داخستنی بازاڕەکانی نەوت بەپێی مانگەکان لە 2023دا کردووە، بەرزترین رێژەی جیاوازی نرخەکان 22% و، نزمترین نرخی نەوت لە مانگی نیسان 2023دا کە تەنیا 78.6$ و بەرزترین نرخی نەوتیش 109.6$ لە کانوونی یەکەمی 2023دا وەکو لە خشتەی یەکەمدا هاتووە.

خشتەی 1: نیشاندەری نرخی نەوت لە 2023دا بەپێی مانگەکان لەکاتی کردنەوە و داخستنی بازاڕ و رێژەی گۆڕانکارییەکان

| رێژەی گشتی گۆڕانکاری لە 2023دا | رێژەی گۆڕانکاری مانگانە | بەرزترین و نزمترین نرخی نەوت (دۆلار) | داخستنی بازاڕەکان لەکۆتایی مانگدا (دۆلار) | کردنەوەی بازاڕەکان لەسەرەتای مانگدا (دۆلار) | مانگەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| **0.80%-** | 6.20%- | 85.96-93.04 | 87.27 | 93.04 | کانوونی دووەم |
| **6.90%-** | 6.20%- | 80.63-87.27 | 81.86 | 87.27 | شوبات |
| **10.60%-** | 3.90%- | 77.50-81.86 | 78.68 | 81.86 | ئادار |
| **5.30%-** | 5.90% | 78.68-84.59 | 83.34 | 78.68 | نیسان |
| **0.90%-** | 4.60% | 83.34-88.49 | 87.18 | 83.34 | ئایار |
| **3.10%-** | 2.20%- | 83.99-87.18 | 85.27 | 87.18 | حوزەیران |
| **2.90%** | 6.20% | 85.27-91.92 | 90.56 | 85.27 | تەمموز |
| **9.30%** | 6.20% | 90.56-97.61 | 96.17 | 90.56 | ئاب |
| **16.10%** | 6.20% | 96.17-103.66 | 102.13 | 96.17 | ئەیلوول |
| **8.90%** | 6.20%- | 94.36-102.13 | 95.8 | 102.13 | تشرینی یەکەم |
| **15.70%** | 6.20% | 95.80-103.27 | 101.74 | 95.8 | تشرینی دووەم |
| **22.80%** | 6.20% | 101.74-109.67 | 108.05 | 101.74 | کانوونی یەکەم |

## ئاسۆی نرخی گاز لە 2023دا

ئاسۆی نرخی گاز سرووشتی و گازی شلیش لەساڵی داهاتوودا زۆر پێشبینکراوە و چاوەڕوانی شۆکی گەورە ناکرێت، سەرەڕای کەمکردنەوە و بڕینی هەناردەکردنی گازی سرووشتی رووسیا بۆ وڵاتانی ئەورووپا، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی گازی سرووشتی ئەمبارکراوی کۆگاکان لە ئەورووپا، بەڵام دووبارە ئەمبارکردنەوەی گازی سرووشتی و دۆزینەوەی سەرچاوە و بۆری بەدیلی گازی رووسیا کیشە گەورەکەیە، کە بەتەنیا لە نۆ مانگی 2022دا هەناردەی رووسیا بەڕێژەی 44% کەمیکردووە، هەرچەندە ئێستا باس لەوەدەکرێت لەوانەیە ئەورووپا بتوانێت زستانی ئەمساڵ بەبێ سەرئیشەی زۆر تێپەڕێنێت، بەڵام ئەوی زستانی 2024؟

بەپێی پێشبینییەکانی eia چاوەڕواندەکرێت نرخی گازی سرووشتی بەتێکڕایی نزیکەی 7.40$ بۆ هەر بەر ملیۆن یەکەی گەرمی بەریتانی (MMBtu) لە چارەکی چوارەمی ئەمساڵدا و، نرخەکەی بۆ هەمان یەکە لەساڵی داهاتوودا لەخوار 6$ دۆلارەوە مامەڵەی پێوەبکرێت. لەلایەکی دیکەوە، بەپێی شارەزایان پێشبینیدەکرێت لە 2023دا ئەورووپا پێویستی بە هاوردەکردنی 210 ملیار مەتر سێجا گاز بێت، کە ئەمەش نزیکەی 60 ملیار مەتر سێجا زیاترە لەو بڕەی لە 2021دا هاوردەی کردووە، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی گازی سرووشتی ئەمبارەکان بۆ زستانی ئەمساڵ. هەروەها، بەپێی راپۆرتی چارەکی چوارەمی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە تایبەت بە گاز" ئەم زستانە نرخی گاز بە بەرزی و ناجێگیریی تەواو دەمێنێتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو ناسەقمگیرییەی رووسیا لە گرتنەوەی قوفڵی بۆرییەکانی هەناردەکردنی گاز بۆ ئەورووپا دروستیکردووە، بووەتەهۆی گەڕان بەدوای سەرچاوەیەکی دیکەدا کە بتوانێت پێداویستییەکانی بەتایبەتیش بۆ گەرمکردنەوە لەم زستانەدا دابین بکات و ئاسایشی دابینکردن بووەتە ئەولەوییەتی ئەورووپا و ناوچەکانی دیکەی هاوردەکاری گاز. لەڕاستیدا کیشە گەورەکە ئەوەیە ئەگەر رووسیا قفڵی بۆرییەکانی گاز بۆ ئەورووپا نەکاتەوە و گازیش هەناردەی بازاڕێکی دیکەی جیهان نەکات، ئەوا بەدڵنیاییەوە گرژی زیاتر و زیادبوونی خواست بۆ گازی سرووشتی شلکراوە LPG لەلایەن هاوردەکارانەوە دەگاتە لوتکە و کیشەی بۆ درووست دەبێت، و بەدڵنیاییەوە  لە 2023دا نرخەکان بە بەرزی بمێنێتەوە".

## جیاوازیی خەرجییەکانی زستانێکی؛ ڕێژەی 10% ساردتر یان گەرمتر بێت

بەرزی نرخەکان و قورسبوونی ژینگەی زنجیرەی دابینکردن لەچارەکی سێیەمی ئەمساڵدا  بووەهۆی کەمبوونەوەی خواست لەسەر گازی سرووشتی لەزۆربەی ناوچەکانی جیهان، بۆ نموونە لە وڵاتانی ئەورووپا (OECD) لەمانگی یەک تاوەکو هەشتی 2022 بەڕێژەی 10% ساڵانە کەمیکردووە، ئەمە تاڕادەیەک بەهەمان شێوەش بۆ بازاڕەکانی ئاسیا. بەپێی پێشبینییەکانی ڕاپۆرتی چارەکی چوارەمی گاز IEA چاوەڕواندەکرێت لەساڵی داهاتوودا بەڕێژەی 0.4% گەشەبکات،

وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی بڕینی هەناردەکردنی گاز لەلایەن رووسیاوە بۆ وڵاتانی یەکێتییەکە چەند رێکارێکی خێرایان گرتەبەر بەشێوەیەک کەوا لەماوەی چەند مانگێکی کەمدا بتوانن بەلایەنی کەمەوە ئاسایشی زنجیرەی دابینکردن گاز لە رێگاکانی هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی دابینکردن، ناچارکردن بە دانانی ئەمباری ژێرزەوی و هاوبەشیکردن بۆ کەمکردنەوەی خواستی وەرزانە لەنیو وڵاتانی ئەندامانی ئەورووپادا بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، لەم چوارچێوەشدا وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا لەماوەی نێوان ئاب 2022 بۆ ئادار 2023 بەشێوەیەکی خۆبەخشانە بەڕێژەی 15% خواست بۆ گازی سرووشتی بە بەراورد بەتێکڕایی خواست لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا وەک یەکەم هەنگاو کەمدەکەنەوە.

بەپێی ئاسۆی سوتەمەنی زستانەی eia زۆربەی خێزانەکان (ماڵان) لە سەرانسەری ئەمریکا لەوانەیە خەرجییەکانیان بۆ سووتەمەنی لە زستانی 2022-2023دا بە بەراورد بە زستانی رابردوو زیاتر بێت، ئەویش بەهۆی بەرزی نرخەکانی سووتەمەنی بۆ خۆگەرمکردنەوە و زستانێکی کەمێک ساردتر. بەپێی داتا کۆکراوەکان و پێشبینییەکان بۆ کۆی خەرجییەکانی خێزانێک(ماڵیک) لە ئەمریکا بەشێوەیەکی ئاسایی (نۆرماڵ کەیس) لە ماوەی زستاندا (تشرینی یەکەمی 2022 بۆ ئادار 2023) دەگاتە نزیکەی 6312$ دۆلار، بەڵام ئەگەر بەتێکڕایی ڕێژەی 10% ساردتر بێت ئەوا خەرجییەکانی هەمان خێزان دەگاتە 7278$ دۆلار، واتە نزیکەی 1000$ زیاتر خەرجدەکات بۆ خەرجی بەکارهێنانی گازی سرووشتی، گەمکردن بە نەوت، کارەبا و پرۆپان وەکو لە خشتەی دووەمدا هاتووە. هەروەها، ئەگەر ئەم زستانە بەتێکڕای ڕێژەی 10% گەرمتربێت لە زستانی رابردوو ئەوا خەرجییەکانی خێزانێک بۆ سووتەمەنی و لەبارێکی نموونەیدا دەگاتە 5682$ دۆلار واتە 632$ دۆلار کەمتر لە کەیسی نۆرماڵ و ڕێژەی 12% کەمتر لە زستانی رابردوو.

خشتەی 2: گۆڕانکارییەکان لە خەرجییەکانی خێزانێکی ئەمریکی بەپێی گۆڕانکارییەکان لە کەشوهەوا لە زستانی 2022-2023دا.

| خەرجی خێزانێکی ئەمریکی (کەیسی 10% گەرمتر) (تشرینی یەکەمی 2022 بۆ ئادار 2023) بە دۆلار | خەرجی خێزانێکی ئەمریکی (کەیسی 10% ساردتر) (تشرینی یەکەمی 2022 بۆ ئادار 2023) بە دۆلار | خەرجی خێزانێکی ئەمریکی (کەیسی ئاسایی) (تشرینی یەکەمی 2022 بۆ ئادار 2023) بە دۆلار | جۆری خەرجییەکان |
|---|---|---|---|

| | زستانی 2023-2022 | ڕێژەی گۆڕانکاری بە بەراورد بە زستانی ڕابردوو | زستانی 2023-2022 | ڕێژەی گۆڕانکاری بە بەراورد بە زستانی ڕابردوو | زستانی 2023-2022 | **ڕێژەی گۆڕانکاری بە بەراورد بە زستانی ڕابردوو** |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گازی سرووشتی | 931 | 28% | 1096 | 51% | 862 | **19%** |
| گەرمکردن بە نەوت | 2354 | 27% | 2543 | 37% | 2087 | **12%** |
| کارەبا | 1359 | 10% | 1482 | 20% | 1337 | **8%** |
| پرۆپان | 1668 | 5% | 2157 | 36% | 1396 | **12%-** |

## کاریگەری گۆڕانکارییەکان لە نرخی نەوت و گازی سرووشتی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان

گۆڕانکارییەکان لە نرخی نەوتدا بەشێوەیەک کاریگەری لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە کە باسەکە جیاوازی ملیاران و ملیۆنان دۆلارە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە نەوت تاکە سەرچاوەی سەرەکی داهاتە. بۆ نموونە لەمانگی حوزەیران عێراق نرخی بەرمیلێک نەوتی بە $112.2 دۆلار و لەمانگی ئەیلوول بە $88.8 دۆلار فرۆشتووە، کە نزیکەی زیاتر لە 2.6 ملیار دۆلاری بەهۆی ئەو جیاوازی لە نرخەکانی لەدەستداوە، لەکاتێکدا داهاتی نەوتی عێراق لە حوزەیران 2022 دا 11.3 ملیار دۆلار، بەڵام داهاتی نەوت لە مانگی ئەیلوولدا 2022 تەنیا 8.7 ملیار دۆلار بوو، کە ئەمەش نموونەیەکی روونە و کاریگەرییەکی تەواو دەکاتە سەر کۆی خەرجییەکان لە عێراق، کە ئێستا بەقۆناخێکی سەختی هەژاری، نەبوونی خزمەتگوزاری تێدەپەڕێت و نزیکەی 96% داهاتی لە نەوتەوە دێت.

لەڕاستیدا، گۆڕانکارییەکان لەنرخی نەوتدا بۆ هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوەی عێراق نەبێت کەمتر نییە، چونکە بەپێی دوایین ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەکی دووەمی ئەمساڵ تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراو $100.38 دۆلار بووە، کە 3.77 ملیار دۆلار کۆی داهاتەکە (خەرجی و داهات) بووە، بەڵام لەچارەکی یەکەمی ئەمساڵدا تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراو $86.7 دۆلار بووە، کە داهاتی 3.02 ملیار دۆلار بووە، واتە تەنیا لەماوەی سێ مانگدا جیاوازییەکە بۆ هەرێمی کوردستان بەهۆی نرخەکانەوە سەروو 550 ملیۆن دۆلارە.

ڕاستییەکی دیکە لەبارەی عێراق و نرخی نەوتەوە ئەو لیدوانەی محەممەد شیاع سوودانی سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراوی عێراق بوو کە گوتی " **وڵاتەکەی پێوستی بە پارەیە بۆ بووژاندنەوەی ئابوورییەکەی، بۆیە ناتوانێت بەرهەمە نەوتییەکەی کەمبکاتەوە، وەکو بەشێک لە بڕیارەکەی ڕێکخراوی ئۆپێک پڵەس"**، ئەمەش لەکاتێکدا بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکانی بڕیارەکەی کۆبوونەوەی 33مینی ئۆپێک وهاوپەیمانەکانی بۆ ڕێکخستنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نیو ڕێکخراوەکە و هاوپەیمانەکانی بووە، چونکە ئێستا ئاستی بەرهەمهێنان لەوەی هەیە کەمترە، بەڵام لێرەدا پێویستە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕین، ئەگەر عێراق پابەند نەبێت؟ ئەوە ناچێتە بەرامبەر ئەو بەرەیەی سعودیە و رووسیا بەناوی راگرتنی هاوسەنگی بازاڕەوە ئێستا سەرکردایەتی (وڵاتانی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی) دەکەن؟ یاخود عێراق خۆی ئامادەکردووە بەبیانوی بنیاتاننەوە بچێتە  بەرەی ئەمریکاوە بە دابینکردنی نەوتی زیاتر بۆ بازاڕەکانی جیهان لە ساڵانی داهاتوودا، چونکە ئێستا وەرگەڕانێک لە زنجیرەی دابینکردنی نەوت و گاز لەنێوان وڵاتانی بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەر هەیە، و چاوەڕواندەکرێت لەم ساڵانەدا وێنای خۆی وەربگرێت.

گۆڕانکارییەکان لە نرخی گازی سرووشتی و ئەو هەستیارییەی ئێستا لەسەر گازی سرووشتی بەهۆی جەنگی ئۆکراینا و رووسیا، گرتنەوەی قفڵی بۆری هەناردەکردنی گاز لە رووسیاوە بۆ ئەورووپا، و چاوەڕوانییەکان لە ئەگەری گۆڕینی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و داڕشتنەوەی لەسەر بنەمای دابینکردنی گازی سرووشتی بۆ ئەورووپا، هەموو ئەمانە و هەر ئەگەرێکی دیکە کە گفتوگۆی لەبارەی گازی سرووشتییەوە دەکرێت، ئەوا لەڕاستیدا و تاڕادەیەک کاریگەرییەکی ئەوتووی لەسەر عێراق نابێت بەهۆی دوو هۆکارەوە:

یەکەمیان: عێراق پابەندە بە هاوردەکردنی گازی سرووشتی نرخی دوو هێندەی جیهان لە ئێرانی دراوسییەوە، کە گرێبەستەکەی ساڵی ڕابردوو بەتکای عێراقییەکان نوێ کرایەوە.

دووەمیان: عێراق نزیکەی دوو دەیەیە نەیتوانیوە پێداویستی ناوخۆی خۆی لە گازی سرووشتی دابینبکات، لەکاتێکدا بەپێی ڕاپۆرتی بانکی جیهانی لەبارەی تراکەری سوتاندنی گازی سرووشتی لە جیهان، عێراق یەکێکە لە تۆپ وڵاتەکانی سوتاندنی گاز بە تەنیا لەساڵێکدا 16 ملیار مەتر سێجا ڕۆژانە یان 0.5% بەرهەمهێنانی گازی ڕۆژانە لەجیهاندا دەسووتێنێت.

هەروەها، لەئەمساڵدا گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان  زیاتر هاتە بەرباس، و لێکۆڵینەوە و تەنانەت خوێندنەوەی جیاوازشی بۆ یەدەگ و ئاستی بەرهەمهێنانی لەڕووەکانی پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ، بەرزکردنەوەی توانانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی بۆ بازاڕی عێراق و تورکیا، تەنانەت هەناردەکردنی بۆ وڵاتانی ئەورووپا، بەڵام ڕاستییەکەی تەنیا کارەکانی فراوانکردنی ئاستی بەرهەمهێنان 452 ین سێجا بۆ 700 ین سێجا دەستپێنکرد، ئەویش چەند مانگێکە بەهۆی بەردەوامی هێرشی مووشەکەکانەوە کۆمپانیاکە بڕیاری ڕاگرتنی فراوانکردنی کێڵگەی بۆماوەیەکی کاتی ڕاگەیاند و تاوەکو ئێستا دەستنەکراوەتەوە بە کارکردن لەو فراوانکردنەدا کە دەگاتە ئاستی پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ.

ئێستا، نرخی نەوتی خاوی برێنت (پێنجشەممە،27ی تشرینی دووەمی 2022) سەروو 90$ دۆلارەوە مامەڵەی پێوەدەکرێت، بەڵام هەر گۆڕانکارییەک و هەڵبەز و دابەزێک کاریگەری تەواوی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە، بەگشتیش گۆڕانکارییەکان لە نرخی گازی سرووشتی گۆڕانکارییەکی ئەوتوو یان کاریگەرییەکی ئەوتووی نابێت.

## کۆتایی

چاوەڕوانـدەکرێت لـە زسـتان و و سـاڵی داهـاتوودا نرخـی نـەوت و گـازی سـرووشتی هەڵبـەز و دابـەزێکی گـەورە بەخـۆووە بـبینێت و کاریگەرییەکانی بڕیاری 5ی تشرینی 2022 ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی بۆ کەمکردنەوەی 2 ملیۆن بەرمیل لە تشرینی دووەمی 2022وە کـاریگەری تـەواوی لەسـەر بازاڕەکـان دابنێـت، هەربۆیـەش ئیدارەی بایدن بڕیـاری خسـتنەڕووی 15 ملیـۆن بەرمیـل نـەوتی کۆگـاکراوی ئەمبارەکانی دەرکرد بۆ ڕاگرتن و بەرزنەبوونەوەی نرخی نەوت، بەپێی بڕیارەکەش لەماوەی 6 مانگدا 180 ملیۆن بەرمیل لە نەوتی خەزنکراو دەخرێتەڕوو، بەڵام ئاراستەکان بەشێوەیەکە کەوا هەموو چاوەکان لەسەر سۆپرایزە  لەبارەی نرخەکانەوە، بەتایبەتیش کاتێک ئەورووپا و جیهان سپی دەپۆشێت.

لاوازی گەشەی ئابووری جیهان، فشارەکانی زیادبوونی هەڵئاوسان، توندبوونی سیاسەتی دراو و دواکەوتنی باشبوونی خواستی چین بۆ وزە بەهۆی سیاسەتی سفرکردنەوەی تووشبووانی کۆڤید-19وە ئەو فاکتەرانەن کەوا وێنا و کاریگەری لەسەر ئاسۆی وزە لە 2023 دادەنێـت، ئەمـە سـەرەڕای کەوتنەبـواری جێبـەجێکردنی ئابلۆقەدانی یـەکێتی ئەورووپا لەسـەر ڕووسـیا لـە کـانوونی یەکـەمی 2022دا. هەروەها، بەپێی ڕاپۆرتی پەیمانگەی ئۆکسفۆرد بۆ لێکۆڵینەوەی وزە "لە 2023دا خواستی گەشەی جیهان بۆ نەوت 1.7 ملیۆن بەرمیل دەبێت، لەکاتێکدا پێشتر پێشبینکراوبوو کەوا 2.1  ملیۆن بەرمیل نەوت بێت. هەروەها، پێشبینیکراوە نرخی نەوتی برێنت لە 2023دا بەتێکڕا 94$ بێت بۆ هەر بەرمیلێک، لەکاتێکدا پێشتر پێشبینی دەکرا بەتێکڕا 105$ بێت.

بازاڕەکانی وزە، بەتایبەتیش نەوت و گازی سرووشتی لەئێستاوە بۆ چەند ساڵی داهاتوو وەرگەڕانێکی سەیر لە پەیوەندی وڵاتان دەهێنێتە ئاراوە، ئەویش بەهۆی بڕیارەکانی ئەم دواییە ڕووسیا، لەسەروو هەمووشیانەوە ڕاگرتنی هەناردەکردنی گازی سرووشتی بۆ ئەورووپا، هەرچەندە ڕووسیا وڵاتانی دیکە تۆمەتبار دەکات بۆ ڕاگرتنی هەناردەکردن! لە بەرامبەردا ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا، ڕووسیا بە بەکارهێنانی وزە وەک چەکی جەنگی تۆمەتبار دەکەن، هەربۆیەش مامەڵکردن لەگەڵ وزە ین ناوەتە قۆناخێکی نوێیەوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان وێنای پەیوەندییەکان و دارشتنەوەی پەیوەندییەکان دەکات، هەربۆیەش کارین جین پیەر، سکرتێری ڕۆژنامەوانی کۆشکی سپی شەوی (25ی تشرینی یەکەمی 2022) ئاماژەی بەوەکرد " سەرۆک لەسەرەتای ئەم ئیدارەیەوە زۆر ڕوون بوو کە ئێمە پێویستمان بە پێداچوونەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ سعودیە هەیە، کەواتە ئەوە شتێکە کە ئێمە بەردەوامدەبین لەسەر پێداچوونەوە، هەروەها بڕیارە نوێیەکەی ئۆپێک پڵەس بەمدواییە دەریکرد، ئێمە وایدەبینین کەوا ئەوان(سعودیە) لەگەڵ ڕووسیا ڕێکەوتوون، هەروەها، ئەمەش زیانێکی زۆر زۆر دەگەیەنێت بە ئابوورییەکان لە سەرانسەری جیهاندا "

لەکۆتاییەکانی ئەم مانگەدا ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (OPEC) و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە IEA ئاسۆی وزەی جیهان World Energy Outlook  بڵاودەکەنەوە، هەرچەندە بەپێی بڵاوکراوەکانی ساڵانی پێشوو جیاوازی لە پێشبینییەکان هەیە، بەڵام کاریگەری گەورەی لەسەر  نرخ بازاڕەکان دەبێت، بەکورتیش لەکاتی خۆیدا دووبارە هەڵوەستەیان لەسەر دەکەینەوە.

هەروەها، بڕیارە لە 4ی کانوونی یەکەمی 2022 ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی 34مین کۆبوونەوەی خۆیان بکەن، کە لەکاتێکدا دەبێت ڕاپۆرتەکانی ئاسۆی وزەی جیهان لە 2023دا بڵاوبووەتەوە و داینامیکی خواست و خستنەڕوو بەشێوەیەک لە شێوەکان دەرکەوتووە،

هەربۆیەش  هەر بڕیارێک لەسەر کاریگەرییەکانی کەمکردنەوەی 2 ملیۆن بەرمیل نەوت لە بازاڕەکاندا جارێکی دیکە ناسەقامگیری دەخاتە بازاڕی وزەوە، کە ئێستا هەموان بەدوای سەرچاوەی دابینکردن و پاراستنی ئاسایشی وزەوە بۆ وڵاتەکانیان، ئەویش بە ئامانجی زامنکردنی ئاسایشی وزە نەوەکوو تەنیا بۆ  زستانی ئەمساڵ و 2023دا بەڵکوو شەڕە گەورەکە بۆ زستانی داهاتوو و 2024، چونکە لەوانەیە وڵاتانی ئەورووپا ئەمساڵ بتوانن ئەمبارەکان بەکاربهێنن، و ئەمریکاش بتوانی نەوتی ئەمبارەکان بخاتەڕوو و داوا لە بەرهەمهێنەری نەوت بکات کاربکەن و گرەنتی کڕینەوەی لەسەروو 70$ دۆلارەوە بدات، بەڵام چۆن ئەمبارەکان بۆ ساڵی داهاتوو پڕ بکرێتەوە؟ ئەوە دیار نییە و با چاوەڕوانی نرخەکان بین.

لەکۆتاییدا، عێراق و هەرێمی کوردستان لە ئەمساڵانەدا لەڕووی وزەوە دەرفەتێکی نموونەیان لەپێشە، بەتایبەتیش عێراق بۆ نەوت و هەرێمی کوردستان بۆ گازی سرووشتی، کە دەتوانن ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ کۆکردنەوەی داهات و بنیاتنانی کڕیارێکی بەردەوام بۆ دەیەی داهاتوو، ئەگەر تەنیا پلان نەبێت و لەسەر کاخەز،  بەڕاستی عێراق بتوانێت ئاستی بەرهەمهێنان بگەیەنێتە 8 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، و هەرێمی کوردستان ئاستی بەرهەمهێنانی گاز بگەیەنێتە سەروو 40 ملیار پێ سێجا، ئەوا دەتوانن یاریکەری دابینکەری وزە بن لە بازاڕەکانی جیهان لە دەیەی داهاتوودا.